# يۆرشەليم لە نێوانی ئاين و سياسەتی نێودەوڵەتيدا
# ١٩٢٩-١٩٥٨

م .د. خسرو عبدالرحيم نجم
زانكۆی سلێمانی
كۆلێجی زانستە مرۆڤايەتيەكان/بەشی مێژوو

**الملخص**

هذا النص ملخص قصير لبحث مابعد الدكتورا، استنادا إلى مصادر علمية و اكاديمية من دولة الفاتيكان سنه٢٠١٧. هذا البحث هو محاولة لمراجعة الجذور التاريخية لمسألة أورشليم. أورشليم التى عرفت في أغلب الأحيان بمشكلة العرب و اليهود، بغض النظر عن قدسية المدينة بالنسبة الى المسيحيين و الذين يصل عددهم الى اكثر من مليارين و مئتى مليون شخص فى العالم. صحيح أن أورشليم هي فسيفساء دينية وقومية، و فيها مراقد مقدسة اسلامية و مسيحية ويهودية، لكن سبب فى السباق إلى السيطرة على المدينة و التسبب فى خلق مشكلة سياسية عالمية، هو وجود جماعات مسيحية مختلفة. إن الصراع بين الكاثوليك، الأورثوذوكس، البروتستانت و الأرمن تسبب فى توريط الدول الكبرى العالمية: الأوروبية، الأميريكية، الروسية و الفاتيكان، و هم استغلوا العنصر الديني في تقوية مكانتهم فى تلك الآقاليم. فلسطين هي منطقة مقدسة عند المسيحيين و لها صلة تاريخية عميقة مع ديانتهم, ففى "بيت لحم" ولد المسيح، و هناك صلب و رفعت روحه الى السماء. بسبب هذه الخصائص، استخدم الباباوات روما دبلوماسية مرنة للحيلولة دون انهيار التناغم بين المسيحيين و الديانات الأخرى و يتمكنوا من زيارة مراقدهم المقدسة دون مشاكل. في تلك الضروف و بعد ظهور عاملين اخرين منذ نهاية القرن ١٩ صارت علاقة اليهود و العرب أكثر تعقيدا: أولا، تأسيس الحركة الصهيونية التى استهدفت العودة إلى فلسطين. ثانيا، عندما عززت بريطانيا مكانتها فى فلسطين واعلنت مساندتها للمشروع الصهيونى بوعد بلفور ١٩١٧ بدأت هجره اليهود وتسببت بتغير ديموغرافيا المنطقة. أحد الأطراف التى بقت فى الساحة ووفقت مع المسلمين و المسيحيين العرب ضد زيادة سلطة اليهود كانوا باباوات كنيسة روما و الفاتيكان. لكن اليهود بمساندة الصهاينة و الحكومة الملكية الأنجليزية، أسست الدولة الإسرائيلية في سنه ١٩٤٨ و فرضت سلطتها على أورشليم المقدسة. لهذا، فأن مشروع تدويل أورشليم الي تمت مناقشته والذى يصب في مصلحة الجميع، بقى مركونا من دون تفعيل.

**Abstract**

This is a brief summery of a post-doctorate research, relying on the academic and scientific resources of the Vatican conducted in 2017. The research is an attempt to review the historical roots of Jerusalem. Mostly, Jerusalem is known through the problem of Arabs and Jews, without acknowledging the sanctity of this city for Christians whom their number more than two billion and two hundred million people in the world. It is true that Jerusalem is a mosaic of religion and nationalities, which it has Muslim, Christian and Jewish holy shrines. This creates a race for

international control over the city and made it an international political problem. The struggle between the catholic, orthodox, protestant and Armenian have made America, Russia, Europe and Vatican to interfere. These sides made religion a tool for strengthening their standing in those regions. Palestine is a sacred place for the Christians; it has a deep relation with the history of their religion: Jesus was born in Bethlehem, his crucifixion and raising his soul to heaven happened there. Because of these specifications the popes of Rome and Vatican always had a moderate strategy to keep the coexistence of the religions and to allow the religious individuals to visit their sacred places without any problem. In those circumstances from the nineteenth century, the arab-jew relationship became complicated, specifically after the appearance of the following two factors: first, the establishment of Zionist movement which made the return to Palestine its target. Second, since then, Britain made its standing stronger there and by the Belfour Declaration 1917 announced its support to the Zionist project. A Jewish exodus started and changed the demography of the area. One of the forces that stayed against the growth of Jewish power, side by side with the Christian and Muslim Arabs, were the popes of the roman church and the Vatican. However the Jew, with the help of Zionist movement and the British in 1948 established the State of Israel and empowered itself on Jerusalem. Therefore, the project of the globalisation of Jerusalem which was in the benefit of each side stayed incomplete.

## پێشەکی

هەرکاتێ باسی ناوی یۆرشەلیم – قودس دێتە ئاراوە دەبینین، ڕاستەوخۆ و خۆنەکردانە کێشەی جولەکە و عەرەب دێتەوە یادمان، لە ڕاستیدا بە پێی بەڵگە مێژووییەکان هەر لە نێوانی سەدەکانی دەهەم تا شەشهەمی پ.ز. شارێکی جولەکە بووە. تاکو ئەمڕۆش کۆنترین ناوی شارەکە کە ناسرابێت˝ یۆرشەلیم˝ ە هەروەك لە فۆنێتیکی زمانی جولەکەوە دەکرێت گوێبیستی بین، ناوێکی جولەکانەیە و بە مانای شاری ئاشتی دێت ( Sonia Brunetti, 2007: p.128; Fernando Lanzi, 2005: p.48 ). لە˝ تەورات ˝ یشدا باسی ئەو شارە هاتووە کە نوسراوێکی پیرۆزی ڕێنمایی و بنەماکانی هەڵسوکەوتن بۆ جولەکە.

ئاساییە هەر پێکهاتەیەك چوبێتە ئەو شارە بۆ پێدانی شەرعیەت بە بوونی خۆی ناوێکی تری پێ دابێت: وەك ئاماژەی پێکرا **یۆرشەلیم** بە عیبری، **یێروسەلێم** بە لاتینی، **جێروسەلێم** بە زمانی فەرمی ئیتالی و دەوڵەتی ڤاتیکان و Jerusalem بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبەکان لە هەوڵی بە ئیسلام کردندا ناویان نا **قودس_ئورشەلیم**. لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی توێژینەوەکە مەبەستی ئەو کێشەی ناوە نییە. بابەتی بەردەست هەڵهێنجراوێکی زۆر کورتی توێژینەوەیەکی پۆست_دکتۆرایە، بە پشتبەست بەو سەرچاوانەی لە دەزگا زانستی و زانکۆکانی دەوڵەتی ڤاتیکان بەدەست کەوتون ئامادە کراوە. وەك ئەوانەی: Pontificio Istituto Orientale; Pontificio Istituto di Studi Arabi e Islamistica; Biblioteca Apostolica Vaticana. بابەتەکە سەرەتا بە زمانی ئیتالی نوسراوە و بە ناونیشانی: (La Santa Sede e il Mashreq Arabo 1929-1958 _ سانتە سێدێ و مەشریقی عەرەبی ١٩٢٩_١٩٥٨ ).

ئەگەر بە مێژووی هەرێمەکانی مەشریقی عەرەبیدا بچینەوە دەبینین کە خاکی پیرۆزی فەلەستین تاکە ناوچەیە سەربەخۆییەکی تەواوی سیاسی لە جۆری دەوڵەتی نەبێت و لە ئاستی نێودەوڵەتی ( شەرعییەت ) ی پێ نەدرابێت، بەڵکو بەرەوڕوی ئەفسانەیەکی خوێناوی و بێ کۆتایی بۆتەوە. بابەت دەربارەی فەلەستین ناسراو بە خاکی پیرۆز، باسێکی گرنگ و هەنوکەییە، بە تایبەتی شوێنە پیرۆزەکانی سەر بە ئاینە جیاوازەکان، لە ناو ئەوانیشدا شاری یۆرشەلیم_قودس، لانکی کریستیانیەتە و مەزاری پیرۆزی جولەکە و موسوڵمانی لێیە. وەك دواتر لە باسەکەدا دەبینین یۆرشەلیم بووەتە جەمسەرێکی ( موگناتیزیی ) سەرەکی بۆ ڕاکێشانی چەندین لەو هێزە بیانیانەش کە بە

مەبەستی قایمکردنی پێگەی خۆیان بوون لەو هەرێمە و ناوچەکانی تری دەوروبەری، هەر لە سەرەتای سەدەی بیست تاکو ساڵی ١٩٤٨: ڕوسیا _ ئەمریکا _ بەریتانیا _ ئیتالیا _ ئیسپانیا _ فەرەنسا _ دەوڵەتی ڤاتیکان _ نەمسا. دەوڵەتی ڤاتیکانیش لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە سەرجەم وڵاتانی مەشریقی عەرەبیی، کە کریستیانێکی زۆری لێیە، بە جۆرێکی تایبەت خۆی سەرقاڵی فەلەستین دەکات، زیاتریش لەبەر شاری یۆرشەلیم. دیارە هەر لەبەر ئەو فاکتەرە توێژینەوەکەش بازنەی کارەکەی خۆی تەسك کردووەتەوە و تیشکی لێکۆڵینەوەکە دەخاتە سەر دڵی خاکی پیرۆزکراو کە یۆرشەلیمە. سەنتەری پێکەوە ژیانی ئاینزا جیاوازەکانە و بووەتە شانۆی دەوڵەتە زلهێزەکان، هەریەك بە پاساوی پشتیوانیی بۆ یەکێك لە پێکهاتە کریستیانەکان کەوتە پێشبڕکێی سیاسی بۆ قایم کردنی پێگەی خۆی لە ناو شارەکە.

گرنگی شارەکە لای ئاینە جیاوازەکان، بە تایبەتی پێشبڕکێی نێوان ڕێبازە کریستیانەکان بۆ کۆنترۆڵی شوێنە پیرۆزەکانیان، سەرجەم ئەمانە شاری یۆرشەلیمیان کردە بابەتێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی وڵاتانی کاتۆلیك و پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆکس، ئەو بارودۆخە پەیوەندی نێوان جولەکە و عەرەبیشی هێندەی تر ئاڵۆز کرد. ئەو شارەی کە دەبوو بە مانای وشە ( ماڵ ) ی نێودەوڵەتی بێت، هەروەك دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی ڤاتیکانیش خوازیار بوو، کەوتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی سیاسی جولەکەوە، ئەوەش هەرگیز پاپای ڤاتیکان کە نوێنەری (یەك ملیارد و سەد ملیۆن ) کاتۆلیکە هەرگیز لای پەسەند نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ جولەکە لە ئاستی موسوڵمان و کریستیان بە شێوەیەکی گشتی خۆی بەسەر خاکی پیرۆزی یۆرشەلیمدا سەپاندووە. دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ و بە نێودەوڵەتی بوونی کێشەی شوێنە پیرۆزەکان پرسی یۆرشەلیمیان تاکو ئەمڕۆ بە هەڵپەسێردراوی هێشتووەتەوە. بابەتەکە بووەتە مایەی مشتومڕی بەردەوامی سیاسەتمەدار و شارەزایانی ئەکادیمی و دیپلۆماسیەتی دەوڵەتە زلهێزەکانی کریستیان و موسوڵمانی عەرەب و جولەکەی ئیسرائیل. لە لایەك نەبوونی پرۆژەیەکی کۆدەنگ و لەولاش ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئیسرائیل تابێت ڕکێف و سەروەریی جولەکە بەتەواوەتی بەسەر سەرجەم شارەکەدا بسەپێنێت و بیکاتە پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل. دیارە ئەو کاتە ئاینەکانی تر تەنها مافی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان بە دەستەوە دەمێنێتەوە. ئەگەر بەو ئاقارەدا ڕۆیشت، واتا بە جولەکە کردن و شارەکەش ئایدێنتیتی نێودەوڵەتی و فرە ئاینیی خۆی لە دەست دەدات.

**بەشی یەکەم**

**تایبەتمەندیی ئاینیی**

**نەریتی پیرۆزی و موقەددەسکردنی گۆڕەکان:-**

هەرکەس لە هەوڵی ناسینی کۆمەڵگەیەکدا بێت، چۆن بیر لە دونیای دەوروبەر دەکاتەوە؟ پێویستە لە ئاینەوە دەستپێ بکات. ئیمانداران لە هەرکام لە ئاینەکاندا بەردەوام و بە زۆر یان بە کەم کاتی ژیانی ڕۆژانەیان تەرخان دەکەن بۆ نەریتەکانی ئیمانداریی. بۆ ئەوان بووەتە پێویستییەکی دەرونیی، دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە هەڵسوکەوتی باشیان کردبێت، یان لێ بورابن لەوەی ئەگەر هەڵەیەکیان کردبێت. بەلایانەوە سەرجەم ژیانی مرۆڤ لە دەست و لە بڕیاری خواوەندی گەورەدایە. ئەو خواوەندەی ئەوان نزای بۆ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە و تکای لێ دەکەن، جەستەی نیە، وە نەبوونی هەلێکی ئاسان بۆ ئیماندار تا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خواوەندەوە بکات، پەنا بۆ کەسانی تر دەبات کە دەیانکاتە ( ڕایەڵەی پەیوەندی کردن ) لە نێوانی خۆی و خواوەندا، وەك: شێخ و شەخس و پیاوانی ئاینیی خاوەن کەریزما، ئیمام، ڕابینی جولەکە، سانتی کریستیان، یان پەنا دەبەن بۆ گۆڕە موقەددەس کراوەکانیان. داوایان لێدەکەن ببنە پەیوەند کارێك لە نێوانی ئیماندار و خواوەندا. لێرەوە بنەمای شوێنی پیرۆز و پەرستگا و گۆڕی موقەددەس

کراو دێنە ئاراوە. ئەو شوێنانە بە ڕادەیەك پیرۆز کراون کە سەرنجی دیپلۆماسیەتیشیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە و بونەتە بابەتی سیاسی و نێودەوڵەتیی.

**مەزارەکان:-**

ئاشکرایە کە خاڵی سەرەکی ئەم بابەتە تیشکخستنە سەر شوێنە پیرۆزە ئاینیەکانە، لەو بوارەشدا هەر ئاینێك ئایدێنتیتی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە خۆی پێ دەناسێنێ و خۆی پێ جیادەکاتەوە لە ئاینەکانی تر. دەربارەی شوێنی پیرۆزی جولەکە ئاشکرایە کە سەرجەمیان لە ناو خاکی فەلەستیندان. هەرچی پەیوەستە بە موسوڵمانەکانەوە، بە جیاواز لە جولەکە شوێنی پیرۆزی زیارەتیان زیاترە و لە هەرێمە جیاوازەکانی جیهانی عەرەبیی نزرگەیان هەیە. ئەگەر هەر لە مزگەوتەکانەوە دەست پێ بکەین، بە ڕای **پرۆفیسۆر دی نۆلە** زاراوەی مسجد لە ( سجد )ە وە هاتووە، بە مانای سوجدە بردن_چۆکدادان_کڕنوش بردن ( Alfonso Di Nola, 1989: p.143 ). لە جیهانی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی گشتی مزگەوت تەنها تەلارێکی پیرۆزی نوێژکردن نیە، شوێنی کۆبونەوە و شوێنی بەڕێکردنی پرسەیە، لەو لایەنەوە بۆ موسوڵمانی سوننی و شیعە مزگەوت هەمان دەور دەبینێت. نزیکەی یەك ملیارد و هەشتسەد ملیۆن موسوڵمانی جیهان بە شیعە و سونییەوە شوێنی نەریتی زیارەتیان زۆرە، کە بریتین لە گۆڕ و مەرقەد و مەزاری ئەو کەسایەتیانەی موقەددەس کراون، وەك شێخ و سەید و مەولانە و مەلا. لە ناو ئەوانەشدا شوێنە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە لە هەمویان زیاتر سەردانی ئیماندارانیان بەسەرەوەیە. شیعەکان جگە لەو دوو شارەی ئاماژەیان پێکران، هەر شوێنێکی تر گۆڕی ئیمامەکانیانی لێبێت بە لایانەوە پیرۆزن و شایانی زیارەت و سەردانن. لە مەدینە جگە لە مەرقەد_مەزاری ( محمد د.خ. ) و فاتمەی کچی، بۆ شیعەکان گۆڕی سێ ئیمامیشیانی لێیە: ئیمام حسن، ئیمام علی زەین العابدین، ئیمام جعفر السادق. لە عێراقیش شوێنی زیارەتی شیعەکان کەوتونەتە شارەکانی نەجەف ( مەرقەدی ئیمام علی )، کەربەلا، سامەررا، بغداد لە گەڕەکی الکازمەین ( Pareja F.M., 1951: p. 568-570 ).

**الذمة: -**

لە بابەتێکی لەم جۆرەی تایبەت بە پێکهاتەی ئاینیی جیاواز و پێکەوە ژیان، ژێردەستەیی و باڵا دەستیی و ئازادیی پەیڕەوکردنی نەریتەکان، ئەگەر بە کورتیش بێت بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەك بە دەستەواژەی الذمة بکەین. لە ساڵانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی (ڕاشیدین ) تاکو عوسمانیی، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان ئاینزا جیاوازەکان دەکرێت بڵێین لە جۆری میانڕەوانە بووە. بۆ نموونە جولەکە دەیتوانی پەیڕەوی نەریتی خۆی بکات، کریستیانیش بە هەمان شێوە، بە مەرجێك سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیی ئیسلام ( قبوڵ ) بکەن. واتە لە ڕاستیدا هەمئاهەنگییەکی سەپێنراو بوو، پێکەوە ژیانێکی بە بەرامبەر و بەرژەوەندی دوو لایەنە بوو ( Andrea Pacini, 1996: p. 77; CAHEN, 1965: p. 234 ). لێرەدا پێویستە ئەوەش بەیاد بهێنینەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب بە پێچەوانەی خەلیفەکانی تر، سیاسەتێکی خۆسەپێنەرانەی پەیڕەو کردبوو لە ئاستی جولەکە و کریستیانەکان. لە سەردەمەکانی تری دەسەڵاتی ئیسلامیدا الذمة بنەمایەکی ڕێنمایی بوو، بەو پێیە دەسەڵاتی ئیسلامی و ئاینزاکانی تری جولەکە و کریستیان یەکتریان ( قبوڵ دەکرد )، بە واتایەکی تر بریتی بو لە بەڵێنی پاراستن و بەرگری لە ئاینزا ناموسوڵمانەکان لە بەرامبەر ئازادی نەریتەکانیان و ڕێز و ستایش بۆ دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی ئیسلام. لە هەمان کاتدا ئاینزا جیاوازەکان مەرجی تریشیان بۆ دانرابوو: دەبوو باجی " جزیە " بدەن بەرامبەر ئەوەی کە پارێزراو بوون، وە باجی " خەراج " کە لەسەر خاوەندارێتی مڵکەکانیان دانرابوو. بە پێی هەندێك ڕێنمایی تر نەدەبوو چەکداربن، بە ئەسپسواری نەسوڕێنەوە، دەبوو بچەمێنەوە کاتێك پارەی باجەکانیان

ڕادەستی کارمەندانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەکرد، مانای ئازادی بوون لە سیستەمێکی خۆسەپێندا ( René Kalisky, 1972: p.194; Karen Armstrong,2000:p.221 ). بەڵێن و ڕێکەوتنی الذمة بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە هەڵدەوەشایەوە: ئەگەر باجەکان لە کاتی پێویستدا ڕادەست نەکرانایە؛ ئەگەر هەڵسوکەوتی دژ بە ڕێز و حورمەتی خەلیفە_سوڵتان ڕوی بدایە؛ ئەگەر شەڕ و ئاژاوەی چەکدارانەیان هەڵبگیرسانایە دژ بە موسوڵمانان؛ ئەگەر بچونایەتە سەر ئاینی ئیسلام ( Pareja, 1951:p.426 ).

**شوێنی نەریتی کریستیان:-**

جیهانی کریستیانیەتیش مۆزایکێکی تەواوی شوێنی پیرۆزی هەیە، کە زیاد لە دوو ملیارد و دووسەد ملیۆن کریستیانی جیهان دەتوانن زیارەتیان بکەن. دوو مێژوونوسی ئیتالی، **Fernando – Gioia Lanzi** ئەتڵەسێکی زۆر پۆشتەیان داناوە دەربارەی ئەو شوێنی زیارەتانە، لیستی ناوی (٥٨) شوێنی تێدایە کە لەناوچەی جیا جیای جیهاندا هەن. لەو لیستەیەدا یەکەم ناو " فەلەستین_خاکی پیرۆز " دانراوە. لەوێ لە شاری " بیت لحم " حەزرەتی جێسو_مەسیح لە دایك بووە، هەر لەو خاکە لە شاری یۆرشەلیم مەسیح لە خاچ دەدرێ و ( هەڵدەستێتەوە و ڕۆحیانەتی بەرزدەبێتەوە ). یۆرشەلیم لە چاو شوێنە پیرۆزەکانی تری کریستیانیدا وەك ئاماژەی پێکرا، لای جولەکە و موسوڵمانیش پیرۆزە. ئەمە وای کردبوو هەر لە ڕابوردووەوە ببێتە جێگەی ململانێ و ناکۆکی نێوانیان. هەرکام لەو ئاینانە ترسی ئەوەی هەبوو بکەوێتە ژێر ڕکێفی سیاسی ئاینەکانی ترەوە. لەبەر ئەو تایبەتمەندییە دەوڵەتی پاپا و ڤاتیکان هەموو کات سیاسەتێکی میانڕەوانەی پیرەو کردووە، تاکو بارێکی هەمئاهەنگیی لە ئارادا بێت لە بەرژەوەندی کریستیانەکان و بتوانن بێ کێشە سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان بکەن.

**شوێنی پیرۆز لە یۆرشەلیم:-**

بۆ گەیشتن بەو باسانەی داهاتوو کە پانۆرامایەکی سیاسەتی نێودەوڵەتیمان بۆ نمایش دەکەن و یۆرشەلیم چەقەکەیەتی، مەرجە بە دەروازەی فرەئاینیی شارەکەدا بچینە ناوەوە. پێشتریش لێرە و لەوێ لە باسەکەدا ئاماژەی پێکرا، ئایا کامانەن ئەو فاکتەرانەی شاری یۆرشەلیمیان بایەخدار کردووە لە پلەیەکی جیهانی و نێودەوڵەتیدا؟ ئێمە دەربارەی ڕیشەی ناوی شارەکە درێژەی پێ نادەین، زۆری لەسەر باسکراوە. مەبەستی ئێمە لێرەدا دەکرێت بڵێین لەسەر ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە بەرێوە دەچێت تاکو بابەتەکە دەگەیەنێتە ئەنجام:

خاکی پیرۆزی فەلەستین ◄یۆرشەلیم ◄شوێنە پیرۆزەکان ◄پێشبرکێی فرەئاینیی ◄بە نێودەوڵەتی بوونی شارەکە ◄ئەنجام سەرکەوتنی ئەستێرەکەی داود ... ؟

پیرۆزترین شوێن بەلای جولەکەوە لەوێ، " دیواری ڕۆژئاوا " یە، بە زمانی عیبری_جولەکە پێی دەڵێن: ***hakotel hama'aravi***، لە ڕاستیدا تەنها دیوارێکی داڕوخاوە و تاکە پاشماوەیە ماوەتەوە لە پەرستگایەکی کۆنی جولەکەی سەردەمی ( هیرۆدوێ ) ی پاشای گەورەیان، لە ساڵی (٧٠ ) ز سوپای ئیمپراتۆریەتی ڕۆما تێکیداوە. جولەکەکان تاکو ئەمڕۆ دەچنە بەر ئەو دیوارە و دەگرین و دەپاڕێنەوە، لەو بڕوایەدان قودرەتی خواوەندی گەورەی تێدایە و هەرگیز بەجێی ناهێڵێت. ئەوانیش لە ڕێی ئەو دیوارەوە داواکاری و نیازەکانی خۆیان ئاڕاستەی خودا دەکەن، هەندێکیان تەنانەت نامەی بۆ دەنوسن و دەیخەنە ناو کون و کەلەبەری دیوارەکەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کریستیانە ئەوروپییەکان ناویان ناوە " دیواری گریان ". موسوڵمانەکان پێی دەڵێن دیواری " *البوراق* "، بە ڕای هەدێك بۆ موسوڵمانانیش پیرۆزە لەبەر ئەوەی گوایە محمدی پێغەمبەر ( د.خ. )، ساڵی ( ٦٢٠ ) شەوێك سەفەر دەکات لە مەککەوە بۆ یۆرشەلیم بە سواری چوارپێیەکی باڵدارەوە کە بە دەموچاو ئافرەت دەبێت، واتە *البورقاء*. کاتێ دەگاتە ئەوێ

ئەسپەکەی لە نزیك ئەو دیوارەوە دەبەستێتەوە، بەو پێیە دوای مەککە و مەدینە شوێنی پیرۆزی ئیسلام قودسی موقەددەسە.

شاری یۆرشەلیم بۆ موسوڵمانان " مزگەوتی الصخره " ی لێیە، لە شوێنی ئەو مزگەوتە بوو کە حەزرەتی ئیبراهیم ویستی ئیسماعیلی کوڕی بکات بە قوربانیی، بەڵام خواوەندی گەورە فەرمانی پێدا لە بری کوڕەکەی مەڕێك سەرببڕێت. مزگەوتەکە لە لایەن عبدالملیك کوڕی مەروانەوە دروستکراوە لە نێوانی ساڵانی ٦٨٧_٦٩١. بۆ موسوڵمانان لە یۆرشەلیم " مزگەوتی الأقصیٰ " شی لێیە، ناسراویشە بە " مزگەوتی عومەر ". ئەمیش عبدالملیك بە دروستکردنی داوە و لە ساڵی ٧٠٥ تەواو دەکرێت ( Fernando Lanzi, 2005:p.46,59 ).

بۆ کریستیانەکان ئاماژەی پێ کرا، لە دەرەوەی یۆرشەلیم و ناو شارەکە شوێنی پیرۆزیانی لێیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی مێژوویی و ئایینیان هەبووە بە ژیانی حەزرەتی مەسیحەوە، لێرەدا ناوەکانیان بە زمانی ئیتالیش دەنوسین کە زمانی دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی ڤاتیکانیشە، وە ناوی شوێنەکانیش زیاتر بەو زمانە ناسراون لە جیهانی کریستیانیدا:

١) La Basilica della natività _ کەنیسەی لە دایك بوونی مەسیح، لە شاری بیت لحم. لە لایەن خاتو **Elena** ی هاوسەری ئیمپراتۆری ڕۆما **Costanzo Cloro** وە لە ساڵی ( ٣٢٥ز ) فەرمانی دروستکردنی دراوە.

٢)La Basilica dell'annunziazione -annunciazione _ کەنیسەیەکە لەو شوێنەی ***جبرایل*** بە مریەم ڕادەگەیەنێت کە مەسیح دێتە دونیاوە، دەکەوێتە شاری نازارێ.

٣) La Basilica del Santo Sepolcro /la Chiesa della Resurrezione لە یۆرشەلیم، بە عەرەبی ناسراەوە بە کنیسه القیامه.

٤) Il Monte del Tempio _ کێوی مەزارەکان، ناسراوە بە الحرم القدسی الشریف، دەکەوێتە ناو سنوری دیوارەکانی شاری کۆنی یۆرشەلیم_قودس. لەوێ بۆ موسوڵمانان المسجد الأقصی، قبه السلسله و مسجد قبه الصخره ی لێیە کە لە ناو گومەزەکەیدا الصخره ی تیایە و محمد ( د.خ. ) لەوێوە بۆ ئاسمان و لای خوای گەورە هەستاوەتەوە، دوای مەککە و مەدینە شوێنی پیرۆزی زیارەتن. بۆجولەکە دیواری ڕۆژئاوای لێیە و بۆ کریستیانەکان لەوێ حەزرەتی مەسیح بیرەوەرییەکی زۆری مێژوویی سەردەمی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی خۆی بەجێ هێشتووە.

٥) La Cattedrale di San Giacomo کەنیسەی سان جاکۆمۆ لە گەڕەکی ئەرمەنییەکان لە یۆرشەلیم.

٦) La Chiesa di Sant'Anna کەنیسەی سانتە ئاننە لە گەڕەکی موسوڵمانەکان لە یۆرشەلیم. لە ژێرزەمینەکەیدا نزرگەی مریەم و Anna ی دایکی و Gioacchino ی باوکی تیا پارێزراون، لە یۆرشەلیم.

واتە، ئەو شوێنەی حەزرەتی مەسیحی لێ هاتە ژیانەوە، ئەو شوێنەی پەیامەکەی لێوە ئاشکرا کرد، لەوێ کە لە خاچ درا وە لە کوێ هەڵسایەوە. ئەمانە هەموو بەڵگەی مێژوویی پیرۆزکردنی یۆرشەلیم و فەلەستینن بۆ کریستیانەکان ( Giulio Basetti Santi, 1975:p.265 ).

**موفەڕك و پیرۆزکردنی شتومەك:-**

هەروەك چۆن لە جیهانی ئیسلامیشدا نەریتی موفەڕك هەیە، وەك شیرینی و پارچە قوماش و نەقوڵ و شیرینی بە موفەڕك کراو و بە دانانیان لە سەر گۆڕ و مەرقەدی " پیاو چاکان "ی شێخ و سەید و مەولانە و ئیمام و .... . پاشان دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە، بۆ پیرۆزکردنی هەر شوێنێکی تر کە لێی نیشتەجێ بن، یان ئەوەی دەخورێت دەیخۆن بە نیازەوە، هەندێك جاری تر بۆ چاوەزار، بۆ شفا و چارەی نەخۆش بەکاریان دەهێنن. لە ناو کریستیانەکانیش لە

سەردەمی خاتو Elena خانمی خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری ڕۆما ئەو نەریتە بوو بە باو. خاتو ئێلێنە لە گەشتەکانیدا زۆر جار کەلوپەلی وەك گوڵدان و کەرەسەی بەکارهاتوی شوێنە پیرۆزەکانی لەگەڵ خۆی دەبردەوە، تەنانەت ئاوی ڕوباری ئەردەن و زەیتی ناو چرای مەزارەکانیش، هەرچ کەرەسە و شتومەکی نزیك شوێنە پیرۆزەکان بوون، هەڵگرتنەوەیان مانای بردنی نمونەیەك بوو لە قودرەت و پیرۆزیی ئەو شوێنە پیرۆزانە. گوایە هەرکەس لەو ڕوانگەیەوە بی ڕوانیایە ئەو نەریتە، بەو موفەڕکە دەبووە خاوەنی توانایەکی بەهێز و ئارامیی دەرونی ( Fernando Lanzi, 2005:p.63 ).

**بەشی دووهەم**

**بە نێودەوڵەتی بوونی یۆرشەلیم**

**یۆرشەلیم لە داوی سیاسەتدا:-**

هەبوونی فرە پێکهاتەیەکی لەو جۆرەی پێشتر ئاماژەی پێ کرا، وە کە هەریەك لەو گروپانە پێداگری بکات بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی، وای کردبوو لە ڕابوردوشدا ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بۆ باشتر بەڕێوەبردنی سیستەمی کارگێڕی، شاری یۆرشەلیمی دابەشکردبوو بۆ چوار گەڕەکی سەرەکی: یەکێك بۆ جولەکە، یەکێك بۆ کریستیانەکان بە گشتی, یەکێك بۆ ئەرمەن بە تایبەتی هەرچەندە ئەوانیش کریستیانن، گەڕەکێکیش بۆ موسوڵمانەکان.

لەم بەشەی توێژینەوەکەوە، شیکارییەکان بە شێوەیەکی تایبەت ئاڕاستەی کریستیانەکان دەکەین: کاتۆلیك، ئۆرتۆدۆکس، پرۆتستانت، ئەرمەن. سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی لە ڕابوردوو بەسەریان هاتووە بە دەستی موسوڵمانانی دەوروبەریان، بە هۆی هەڕەشە و کوشتار و دژایەتی و کۆچی بە کۆمەڵ، لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی کریستیانەکان بەشێکی بەرچاویان لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە. بە تایبەتیش لە هەرێمەکانی مەشریقی عەرەبیی، واتە لە سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئەردەن وە لە عێراق. لەو هەرێمانە مێژوویەکی چڕ و دیاریان تۆمار کردووە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا ( Giorgio Fedalto, 1984:p.209,210; Andrea Pacini, 1996:p.1,2; Youssef Courbage, 1992:p.279 ). هەرکام لە گروپی پێکهاتەی کریستیانەکان لە ئەنجامی کێشە و پێشبڕکێی نێوانیان و بۆ کۆنترڵ و بەڕێوەبردنی شوێنە پیرۆزەکان، خۆی دایە پاڵ یەکێك یان زیاتر لە دەوڵەتە زلهێزە کریستیانەکان.

پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنە پیرۆزەکان تەنها بۆ هەیبەتی ڕێبازە کریستیانەکە نەبوو، بەڵکو دەستکەوتێکی ئابوری باشیشی لە پشتەوە بوو. ساڵانە بە ملیۆن گەشتیار دەچنە زیارەتیان و پارەیەکی زۆر بەجێ دەهێڵن. زیاتر هەر ئەو دەستکەوتانەش بوون ناکۆکی ناوخۆی کریستیانەکانی گرژ دەکردەوە. ئەو وڵاتانەی لەو کێشەیە تێوە گلان و بە هاتنە ناوەوەی ئەوان دۆزەکەش چووە بەرگێکی سیاسی و نێودەوڵەتیەوە، بریتی بوون لە: فەرەنسا_ ئیتالیا_دەوڵەتی پاپا_ئەڵمانیا_نەمسا_ڕوسیا_پاشانشینی بەریتانیای گەورە_ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئۆرتۆدۆکسەکان ڕوسیایان کرد بە پشتیوانی خۆیان، لە پێشا ڕوسیای قەیسەر و دواتریش ڕوسیای سۆڤیەت؛ پرۆتستانتەکان لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە پشتیوانی دەکران؛ فەرەنسا وئیتالیا و دەوڵەتی پاپا و ئیسپانیاش پشتیوانی کاتۆلیکەکانیان دەکرد. بەو جۆرە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان و دەستبەسەردا گرتنیان بوونە بابەتی گفتوگۆی سیاسی و نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش لەو کاتەوەی لە ساڵی ١٥١٧سوپای سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی فەلەستین داگیردەکات.

**ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیی:-**

لە سەردەمی حوکمی عوسمانیدا ڕێککەوتنی تایبەت دەبەسترا، بەو پێیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەڵێنیان دەدا بە وڵاتانی ئەوروپی بۆ گەرەنتی کردنی مافی پێکهاتە کریستیانەکان، پاراستنی ژیانیان، ئازادی پەیڕەوکردنی ئاین، مافی مڵکداری، مافی کاری بازرگانی ... . زۆر زوو پێش داگیرکردنی فەلەستین ڕێککەوتنی لەو جۆرە کرابوون لە نێوانی دەوڵەتانی ئیسلامی و دەوڵەتە شارەکانی ئیتالیا: ڤێنێسیا، جێنۆڤا، فلۆرەنسا، ئەنکۆنا، پیزە ( Antonie Wessels, 1995:p.35; COLLIN, 1956:p.28,29 ). ڕێککەوتنی لەو جۆرە یەك بە دوای یەك زۆر کران، لەهەرە گرنگەکانیان لە ساڵی ١٦٠٤بوو لە نێوانی پاشای فەرەنسا ( ئێنریکۆ ی چوارهەم ) و سوڵتان ئەحمەدی یەکەم، کە بەڵێنی دا ڕێگر نەبێت کریستیانەکان بە ئازادی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی یۆرشەلیم_قودس بکەن. ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە مەزارە پیرۆزەکان هەر لەو کاتەوە بوو بوونە بابەتی گفتوگۆی نێودەوڵەتی. هێزە ئەوروپییەکان بابەتی ئاینیان کردە دەروازەیەك بۆ زیاتر خۆ خزاندنە ناو سنوری عوسمانی بە مەبەستی بەرژەوەندی ستراتیجی و بازرگانی خۆیان ( Paolo Pieraccini, 1977:p.20,21 ). ئەو دەروازەیەش هەر خۆی لە خۆیدا سەردەمێکی تازەی کردەوە بۆ پێشبڕکێی نێوان هێزە بیانیە کریستیانیەکان، کە پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئاینیەکانیان دەکردە بیانوو.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە، پەیوەندی نێوان کاتۆلیك و ئۆرتۆدۆکس و ئەرمەن، تا هات زیاتر گرژی بە خۆیەوە بینی بۆ دەستگرتن بەسەر شوێنە پیرۆزەکاندا. گروپی قەشەی فرانچێسکانە کاتۆلیکەکان، بە پشتیوانی دەوڵەتی پاپا و دەوڵەتانی تری کاتۆلیك ( بە تایبەتی فەرەنسا )، هەر لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمەوە دەسەڵات و سەروەریی تەواویان هەبوو بوو لە زێوانی و پاراستن و بەڕێوە بردنی شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستین. ئەوانیش لەو گێژاوەی پێداگریی گروپە کریستیانەکانی تر، دەکەونە دڵەڕاوکێی ئەوەی دەسەڵاتیان لێ لەق بکرێت. هەرچەندە فەرەنسا و نەمسا و بەلجیکا و ڤاتیکان هەوڵیان دا ببنە دەمڕاست و پشتیوان، بۆ فرانچێسکانەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی، تا ئەوانیش پشتگیری کاتۆلیکەکان بکەن، بەڵام کار لە کار ترازا بوو ( Franco Scaglia, 2000:p.169,175 ). لەو لاوە ڕوسیای قەیسەری سەردەمی ( زار نیکۆڵۆ ی یەکەم )، پێداگریی دەکرد لە عوسمانیەکان کە بواری فراوان بوونی دەسەڵاتی ئۆرتۆدۆکسەکان بدرێت لە یۆرشەلیم. نەك هەر ئەوە، زاری ڕوسیا داوای دەکرد شەرعیەتی نوێنەرایەتی و پارێزگاریکردنی سەرجەم ئۆرتۆدۆکسەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە فەرمی بە ڕوسیا بناسێنرێت. فەرەنسا لە بەرامبەردا سور بوو لە سەر ئەوەی هەرچی پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنە پیرۆزەکانی فەلەستینن، لە ژێر چاودێری تەنها قەشە فرانچێسکانە کاتۆلیکەکاندا بمێننەوە.

لەو کەشە دیپلۆماسیە گرژەی نێوان عوسمانی و فەرەنسی و ڕوسیدا، لەسەر مەزارە پیرۆزەکان، لایەنەکان کەوتنە گێژاوی شەڕی ( قرم ١٨٥٣_١٨٥٦)ە وە، لە لایەك ڕوسیا و لەو لاش عوسمانیەکان بە پشتیوانی فەرەنسا و ئینگلتەرا. یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕەکە بە ئاشکرا فاکتەری ئاین بوو، کە تیایدا ڕوسیا شکستی هێنا. دەرئەنجام ڕێککەوتننامەی پاریسی لێ کەوتەوە لە ( مارت/ ١٨٥٦)، بەو پێیە هاوپەیمانان بڕیاریاندا بۆ مانەوەی سنورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە مەرجێك عوسمانیەکانیش مافەکانی کریستیانەکان گەرەنتی بکەن ( Antonie Wessels, 1995:p.37,38; Giardina A., 1987:p.170 ). لە کۆنگرەی پاریسی ١٨٥٦تا کۆتایی ئەو سەدەیەش کێشەکان بە هەڵپەسێردراوی مانەوە. کێشەی بەڕێوە بردن و زیارەتکردنی شوێنە ئاینییەکان وە تێهەڵکێش بوونی ئاین و سیاسەت، سەرجەم ئەوانە زەمینەیان خۆشکرد بۆ زیاتر خۆ خزاندنی هێزە بیانیەکان بۆ ناو سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە خاکی فەلەستین تیایدا بوو بووە چەقێکی ( موگناتیزیی ). لەو لایەنەوە لە ڕاستیدا هەر زۆر پێش

بەستنی کۆنگرەی پاریس پێشبڕکێیەکی چڕ دەستی پێکردبوو لە لایەنی دەوڵەتە کریستیانەکانەوە بۆ کردنەوە و دامەزراندنی قونسوڵخانە و باڵیۆزخانەی خۆیان لە هەرێمەکانی مەشریقی عەرەبیی. ژمارەیەك قونسوڵخانە لە یۆرشەلیم/قودس کرانەوە، لە پێش هەموویاندا **بەریتانیا** بوو، پاشان **پرۆسیا**، **فەرەنسا**، **میرنشینی دورگەی ساردێنیا** ( کە ئێستا بەشێکە لە دەوڵەتی ئیتالیای یەکگرتوو )، **نەمسا_مەجەر**، **ئیسپانیا**، **ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**، **مەکسیك**، **ڕوسیا**. ڕوسیا لە لایەن خۆیەوە گرنگیەکی زۆری دا بە شاری یۆرشەلیم، بەتایبەتی لە ڕێی سپۆنسەرکردن بۆ دروستکردنی کەنیسەی تازە و نەخۆشخانە و قوتابخانە و دامەزراندنی سەنتەر و بنکەی خێرخوازی بۆ پێکهاتە کریستیانەکان. فەرەنسیەکانیش کەوتنە خۆ بە دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و پشتیوانی کردنی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لە بواری کۆمەڵایەتی و ئاینیدا. فەرەنسا لە چاو ڕوسیا خاڵێکی بەهێزتری هەبوو. لە کۆنگرەی بەرلین ساڵی ١٨٧٨، بڕیار درابووەوە بە پشتیوانی کەنیسەی پاپای ڕۆماش، کە فەرەنسا نوێنەرایەتی و پاریزەری فەرمی سەرجەم کاتۆلیکەکانی خاکی پیرۆزی فەلەستین بێت و ئەو پێگە و باڵا دەستیەشی تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی بەو جۆرە مایەوە. هەرچی تایبەتە بە ئیتالیاوە، جگە لەوەی کە گروپی قەشە فرانچێسکانەکانیان هەبوو لە فەلەستین، تاکو کۆتایی سەدەی ( نۆزدە ) هیچ پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو لەو هەرێمە. ئیتالیا لەبەر دوو فاکتەر کەوتبووە پەراوێزەوە: یەکەم لەبەر بوونی فەرەنسا لە ناوچەکە، دووهەم حکومەتی پاشانشینی ئیتالیا پەیوەندی باش نەبوو لەگەڵ پاپا، دەوڵەتی ئیتالیا شاری ڕۆمای کردبووە پایتەختی خۆی کە پێشتر پایتەختی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیی پاپا بوو. ئەڵمانیا و بەریتانیا لە بواری ترەوە زۆر چالاکانە لە ئارادا بوون، هەوڵیان دەدا جولەکەکان وەربگێڕنە سەر کریستیانیەتی پرۆتستانتی. ئیمپراتۆریەتی نەمسا_مەجەر لە ناو خاکی پیرۆز دەورێکی گرنگیان نەبوو لەسەر کریستیانەکان، زیاتر گرنگیان دەدا بە پاراستنی پێکهاتەی جولەکە و پشتیوانی ئەوانیان دەکرد. لە لایەکی تریشەوە زۆر سەرقاڵی بەرەوڕو بوونەوەی بزوتنەوەی ناسیونالیستیەکانی بەڵقان بوون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کە لە مێژ بوو لە ڕێی مژدەبەرەکانیانەوە گرنگیان دەدا بە کریستیانەکانی مەشریقی عەرەبیی، تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە نەیان توانی پێگەیەکی قایمی خۆیان لە ناو خاکی پیرۆزی فەلەستین دابمەزرێنن ( Paolo Pieraccini, 1977:p.182,184 ). بە پشتیوانی دەنگی پاپای ڕۆما، کە دەمڕاست و نوێنەری زیاد لە ( یەك ملیارد ) کریستیانی جیهان بوو، هەوڵدرا کە شاری یۆرشەلیم/قودس بە فەرمی بناسێنرێت وەك شارێکی پیرۆز بۆ هەموو پێکهاتە ئاینیەکانی، لە ڕێی دەستورێکی متمانە پێکراوی نێودەوڵەتیەوە. واتە هیچ لایەنێك تیایدا تاکڕەوانە باڵادەست و سەروەر نەبێت، نە لە ڕوی سیاسی و نە ئاینی و نە کارگێڕییەوە. ئەو باسەش بوو بە ژێر خۆڵەوە، لەو کاتەوەی بەریتانیا بە هێزی سەربازیی زۆر لە ناوچەکانی مەشریقی عەرەبیی داکیرکرد، بە فەلەستینیشەوە.

**بەریتانیا و فەلەستین:-**

لەو کاتەوەی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی هێرش دەباتە سەر ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبی و داگیری دەکات، باسی فەلەستین و خاکی پیرۆز و شوێنە پیرۆزەکان دەبنە باسی داگیرکردنی فەلەستین و کۆچی بە کۆمەڵی جولەکە و گۆڕانی دیموگرافی هەرێمەکە و سەرهەڵدانی کێشەی عەرەب_جولەکە و گەشەکردنی زایۆنیزم. بابەتی شوێنی پیرۆزی ئاینیی لە تایبەتمەندیە نێودەوڵەتیەکەی پێشووەوە بووە کێشەی نێوان ئینگلیز_جولەکە لە لایەك و عەرەبی موسوڵمان و کریستیانیش لە لایەك، دیپلۆماسیەتی پاپاش لە نێوانیاندا.

**دەوڵەتی پاپا و یۆرشەلیم:-**

دوو دەستەواژە هەن لەم باسەدا، سەرەتا پێویستە ڕون بکرێنەوە، کە لە زمانی خودی پاپادا ناسراون بە:

*Lo Stato Pontificio* و *La Santa Sede*، یەکەمیان بە مانای دەوڵەتی کەنیسە، دەزگایەکی ئاینی و سیاسی بوو لە ساڵی ( ٧٥٤ز ) دامەزرا، سەرجەم هەرێمەکانی ناوەڕاستی ئیتالیای ئێستەی دەگرتەوە و شاری ڕۆما پایتەختەکەی بوو. دوای سەرکەوتنی گاریباڵدی و دروستکردنی ئیتالیای یەکگرتوو، دەوڵەتی پاپا داگیر دەکرێت و لە ١٨٧٠/٩/٢٠دەلکێنرێت بە دەوڵەتی پاشانشینی ئیتالیاوە ( Leopold Von Ranke, 1965:p.989,990,991; Giorgio Del Zanna, 2011:p.166,168). ئەوەی لەو دەوڵەتەی پێشوی پاپا مایەوە کە دەسەڵاتێکی ئاینی و سیاسی بوو، *Santa Sede*_سانتە سێدێیە، ئەویش دەسەڵاتێکی تەنها کەریزما و ئاینیە. بە ئینگلیزی ناسراوە بە *The Holy See*، بە فەرەنسی *La Saint Si ège* واتە *الکرسی المقدس*، تەخت و بنکەی پیرۆز. سانتە سێدێ شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیە، هەرچی کارەکانێتی لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا لە سنوری ( ٤٤) کم دوجا زەویدا بەڕێوەی دەبات کە ناسراوە بە شاری ڤاتیکان. لە ١١/شوبات/١٩٢٩بە پێی ڕێککەوتننامەی لاتێرانێنزی کە لە نێوان ئیتالیا و سانتە سێدێ بەسترا، دەوڵەتی شاری ڤاتیکان بە فەرمی دادەمەزرێت ( David I. Kertzer, 2015:p.237 ).

پاش ئەم کورتە ڕونکردنەوەیە دەکرێت بچینە سەر هەڵوێستی سانتە سێدێ لە ئاستی ئەو کێشانەی کە شاری یۆرشەلیم/ قودسی تێوە گلابوون. بۆ پێناسەی هەڵوێستی سانتە سێدێ لە سەدەی ( نۆزدەهەم ) ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوان لە پاپاکانی ئەو سەردەمە بکەین: PIO IX _ پیۆ نۆهەم وە LEONE XIII _ لێۆنی سیانزەهەم.

**پاپاکانی سەدەی نۆزدەهەم:-**

ساڵانی فەرمانڕەوایی **پیۆ ی نۆهەم** ( ١٨٤٦_١٨٧٨)، سەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بوو لە سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەو بزوتنەوانە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی حوکمی عوسمانیان دەکرد. لە سەردەمی هەمان پاپادا چەند دیاردەیەکی تری مێژوویی ڕویاندا: کوشتاری کریستیانەکانی شاری دیمشق بە دەستی موسوڵمانانی توندڕەوی شارەکە لە ساڵی ١٨٦٠؛ لە هەمان ساڵدا کوشتاری کریستیانی تر لە لوبنان بە دەستی دروزەکان؛ داگیر کردنی شاری ڕۆما لە لایەن پاشانشینی ئیتالیاوە لە ساڵی ١٨٧٠. ئەم پاپایەی باسی دەکەین، نەیدەویست کەنیسەی ڤاتیکان بکەوێتە گێژاوی پرۆژەی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە بۆ دابەشکردنی مەشریقی عەرەبیی کە ئەوسا عوسمانی بوو. دەسەڵاتی کەنیسە ئەو کاتە نەیدەویست پێکهاتەی کریستیانەکان لە مەشریق پارچە پارچە ببێت، ئەگەر نا کەنیسەی کاتۆلیکیش تایبەتمەندی گشتی و بێ سنورانەی خۆی لە دەست دەدا. بە ڕای پاپا پیۆ ی نۆهەم، ئەو بنەما گشتییە جیهانی و دونیاییەی کەنیسە و یەکێتی مەسیحیەکان تەنها لە سنوری دەوڵەتێکی ئیمپراتۆریدا دەکرا پارێزراو بێت، وەك ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. بە ڕای پاپا واتە، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆریەتە پێکهاتەی کەنیسەکانی مەسیحیەتیش پارچە پارچە دەبوون، هەر بەشەی دەکەوتە ناو سنوری دەوڵەتێکی ناسیونالیستی لۆکالیەوە. لەسەر بنەمای ئەو شیکاریانەوە بوو کە بنکەی موقەددەسی سانتە سێدێ، هەڵوێستی دیپلۆماسیانەی بۆ مانەوە و پشتیوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. تەنانەت لە ساڵی ١٨٤٧پاپا پیۆ نۆهەم توانی نوێنەرایەتیەکی دیپلۆماسی خۆی لە شاری ئەستەموڵ دابمەزرێنێت. ئەو پرۆژەیەی پاپا زۆر دەوامی نەکرد، بە هۆی ناڕەزایی فەرەنسا کە نەیدەهێشت پاپا نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەبێت لە ئەستەموڵ، بەڵکو هەر کارێکی لەو جۆرەشی هەبوایە دەبوو لە ڕێی فەرەنساوە بیکات کە ( نوێنەر و پارێزەر )ی کریستیانەکانی ناو سنوری ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو (Giorgio Del Zanna, 2011:p.151,152,153 ).

پاپای دوای ئەویش کە هات، ناوی **لێۆنێ سیانزەهەم** بوو ( ١٨٧٨_١٩٠٣)، لەسەر ئەو هێڵە سیاسیە بەردەوام بوو، هەوڵیدا لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیدی دووهەم ڕێککەوتننامە مۆر بکات، بەڵام فەرەنسا ئەم جارەش ئەو هەوڵانەی پوچەڵ کردەوە، بەوەی گوایە فەرەنسا پشتیوان و بەرپرسی پاراستنی کریستیانەکانە، واتە پاپای ڕۆما بۆی نیە له و بوارەی دیپلۆماسیدا کار بکات. ئەم پاپایە وەك نوێنەری کریستیانە کاتۆلیکەکان توانی یەکێتی و یەك ڕیزیی نێوان کریستیانەکان بە گشتیی تاکو بکرێت تۆکمەی بکات. ئەوە بوو بە هۆی نزیکبوونەوەی له **فەنار** : بنکەی سەرەکی پاتریارکی ئۆرتۆدۆکس کە لە ئەستەموڵە، توانی لە ساڵی ١٨٩٣ لە یۆرشەلیم کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ڕێك بخات، لەو ڕێیەوە سەرجەم کریستیانی کاتۆلیك و ئۆرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لێك نزیك بکاتەوە.

**پاپاکانی سەدەی بیستهەم:-**

**PIO X _ پیۆ ی دەهەم** ( ١٩٠٣_١٩١٤)، لێرەدا گرنگە ئاماژە بە هەڵوێستی ئەم پاپایە بکەین لەوەی کە لە ڕۆما مانگی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٠٤چاو پێکەوتنی هەبووە لەگەڵ " تیۆدۆر هێرتزل " ی سەرۆکی بزوتنەوەی زایۆنی جولەکە. نوێنەری جولەکە داوای پشتیوانی لێ دەکات کە بە فەرمی بەیانی بکات لاری نیە بۆ " گەڕانەوە " ی جولەکە بۆ فەلەستین، پاپا لە وەڵامدا: " *...، بنکەی موقەددەسی سانتە سێدێ لاری لەوە نییە کە جولەکە سەردانی شاری یۆرشەلیمی قودس بکات، بەڵام ناتوانێت پشتیوانی لە پرۆژەی زایۆنیستەکان بکات بۆ کۆچ_گەڕانەوە و دروستکردنی پێگەیەکی سیاسی جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین. لەبەر ئەوەی جولەکە لە ڕابوردودا باوەڕیان بە حەزرەتی مەسیح نەهێناوە. .......، بڕوا و باوەڕی جولەکایەتی دەبوو باوی نەمایە و کۆتایی پێ بێت لەو کاتەوەی پەیامەکانی مەسیح هاتنە ئاراوە* ". مانای بنکەی موقەددەسی سانتە سێدێ و پاپا لەگەڵ ڕای کۆچی جولەکە و دروستکردنی دەوڵەت نەبوو بۆیان لەسەر خاکی پیرۆز و فرە ئاینیی فەلەستین ( David I. Kertzer, 2015:p.237,238; Penteriani, 1995:p.854,856; Giovanni Codovini, 2002:p.137 ).

**Benedetto XV_بێنێدێتتۆ پانزەهەم** ( ١٩١٤_١٩٢٢)، سەردەمی حوکمی ئەم پاپایە ساڵانێك بوون کە جەنگی یەکەمی جیهانیی ڕویدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی تیا هەڵوەشایەوە و پێکهاتە کریستیانەکانیش بەش بەش بوون و کێشە بۆ شوێنە پیرۆزەکانیان هاتنە ئاراوە و شاڵاوێکی زۆری بە کۆمەڵی جولەکە ڕویان کردە ناو خاکی فەلەستین. پەیامە ئاشتیخوازەکانی پاپا گوێیان لێ نەگیران، هەر ئەوەندەی پێ کرا یارمەتی بگەیەنێتە کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل کە لە شەڕەکە تێوە گلا بوون (Luigi Vinelli, 2016:p.93,96). تەنانەت کاتی کوشتاری ئەرمەنیش لە ساڵی ١٩١٥، لە ناو سنوری ئەنەدۆڵیای عوسمانی، پاپا زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو تاوانە. هەر لەو بارەیەوە ڕاستەوخۆ نامەیەکیش دەنوسێت بۆ سوڵتان محمد ی پێنجهەم و تیایدا دەنوسێت: " *...، ئاگادار کراوین لەوەی کە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی چەندین شار و لادێکان ناچار بوون بڕۆن بەرەو ناوچەی دوور و ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، لەو شوێنانە بە کۆمەڵ خزاونەتە یەکتر و کەوتونەتە ژیانێکی پڕ ئازار و ئەشکەنجە و برسێتییەوە. [ ..... ]، داواکاریمان بە متمانەوە ئاڕاستەی خاوەن شکۆی بەڕێزتان دەکەین، لە ڕێی لێبوردەیی و بەزەیتانەوە بە هانای گەلێکەوە بچن، کە بەوەفا بووە لە بەڵێنی ژێردەستەیی، لەبەردەم هەیبەتی خاوەن شکۆی جەنابتاندا. [ .....]، تکایە بە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەتان بفەرموون بە لێبوردنی نەتەوەی ئەرمەن، کە لە توندوتیژی و ڕەشەکوژی بە دوور و پارێزراو بن* " (Ibid:p.102,104 ). دڵەڕاوکێی سانتە سێدێ زیاتر لەوەدا بوو کە فەلەستین و شوێنە پیرۆزەکانی بکەونە ژێر دەستی جولەکەوە و عەرەبی مەسیحی و عەرەبی موسوڵمانیش بخرێنە پەراوێزەوە. کاتێ لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ساڵی ١٩٢٢باسی مەنداتی بەریتانیا دەکرا لەسەر فەلەستین، پاپا ترسی خۆی نەشاردەوە. لە ڕێی

نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەکەیەوە داوایکرد، کە: " ... *پێگە و شوێنی باڵادەستیی نەسیاسی و نە ئابوری و نە کارگێڕی نەدرێت بە جولەکە بە زیانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر* ". لەو لایەنەوە سەرجەم عەرەبی مەسیحی و موسوڵمانیش لەگەڵ داواکەی پاپادا بوون. بەڵام وەك دەزانرێت کۆمەڵەی نەتەوەکان گوێی نەدا نە بە پاپا و نە بە عەرەبی نیشتەجێی وڵاتەکە و لە ٢٤ تەموز ١٩٢٢ فەلەستینی دایە مەنداتی بەریتانیا، ئەوەش بووە هەنگاوێکی تری گەورە بۆ کۆچی بە کۆمەڵی جولەکە و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و باڵادەستی سیستەمی حوکمی ئاینێك بەسەر ئەوانی تردا. هەر لە سەردەمی ئەو پاپایەدا زۆر باس لەوە دەکرا یۆرشەلیم و شوێنە پیرۆزەکانی بە فەرمی و کۆدەنگی بناسرێن وەك یەکێك لەم ئەگەرانە: بە نێودەوڵەتی کردنی شارەکە، واتە هیچ لایەنێك کۆنترۆڵی بێ سنوری نەبێت لە ڕوی سیاسی و ئاینی و کارگێڕییەوە. ئەگەری دووهەم، کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتی بە نوێنەرایەتی سانتە سێدێشەوە ڕۆڵی کارگێڕ و ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە شارەکەدا دابین بکات. ئەو ئەگەرانەش جێ بە جێ نەکران ( Giovanni Codovini, 2002:p.144 ).

**PIO XI_پیۆ یانزەهەم** ( ١٩٢٢_١٩٣٩)، لە سەردەمی ئەم پاپایەدا بوو کە بە پێی ڕێککەوتنی نێوان ئیتالیا و سانتە سێدێ دەوڵەتی شاری ڤاتیکان لە ساڵی ١٩٢٩دامەزرا ( Yves Chiron, 2016:p.254 ). پاپای نێوان دوو جەنگی جیهانی بوو، هەر لە سەردەمی ئەمدا بوو یەکێك لە وڵاتانی مەشریقی عەرەبی، عێراق لە ساڵی ١٩٣٢دوای مەنداتی ئینگلیز سەربەخۆ بوو. ئاشکرایە کە وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، لەوانە ئاسوری و کلدانیەکان ترسی زۆریان هەبوو کە بە ڕۆیشتنی ئینگلیز لە عێراق بکەونە مەترسیەوە و مافەکانیان لە ژێر حوکمی ناسیونالیستی عەرەبیدا بۆ مسۆگەر نەکرێت. داوایان کرد لە شوێنێك دابمەزرێن و هەرێمێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، یان یارمەتی بدرێن بڕۆن بۆ وڵاتێکی تر، وە ئەگەر کرا بۆ سوریا بێت ( ASMAE,1931:b.2,fasc.2 Amedeo Giannini, 1933:p.261,262; ). هەر لە ژێر باری ئەو دڵەڕاوکێییەدا سەدان ئاسوری پەنا دەبەنە بەر سوریا ی ژێر مەنداتی فەرەنسا بۆ ئەوەی جێگەیان بکرێتەوە، فەرەنسیەکان ڕێگەیان پێ نادەن. لە گەڕانەوەیاندا سوپای عێراق لەو ناوچەیە، بەکر سدقی سەرکردەیان بوو، پەلاماری ئاسوریەکان دەدات لە مانگی ئابی ١٩٣٣ و سێسەد ئاسوریان لێ دەکوژن. پەلاماری گوندەکانیشیان دەدەن و وێرانە و سوتان و ئاگریان بۆ بەجێ دەهێڵن ( Khasraw Nagm, 2003:p.196,205; Joseph Yacoub, 1987:p.47; ASMAE, 1933:b.6 ). پەناو تکای خۆیان دەبەن بۆ موسۆلینی سەرۆکی وەزیرانی ئەو کاتەی ئیتالیا، ئەویش ئاوڕیان لێ ناداتەوە بۆ تێکنەدانی بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتیەکانی کە هەیان بوو لە عێراق. بێدەنگی ڤاتیکانیش لەو کارەساتە، ...، دەشێت پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەبوو بێت: یەکەم لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ئاسوریەکان کاتۆلیك نین وەك پاپای ڕۆما، دووهەم، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەوڵەتی ڤاتیکان ماوەیەکی زۆر نەبوو دامەزرابێت، وە بە پێی ڕێککەوتن پەیمانی دابوو بە ئیتالیا خۆی لە کاری سیاسیەوە تێ نەگلێنێت، نە لە ئاستی هەرێمی و نە لە ئاستی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لە عێراقیش کە بەرژەوەندی ئابوری ئیتالیای تیابوو.

ئاسوریەکان ئینگلیز و فەرەنسا پشتیان تێکردن و ئەوانیش بە ناچاری بوونە هاونیشتیمانیی عێراق، هەندێکیشیان بەرەو سوریا و ئەوانی تر بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد ( ASMAE, 1933:b.5,fasc.6; ASMAE, 1933:b.6; ASMAE, 1934:b.7,fasc.3; ASMAE, 1934:b.8,fasc.1 ). ئەوەی پەیوەندی بە جولەکەوە هەبێت، پاپا پیۆ یانزەهەم ١٤/مارت/١٩٣٧زۆر بە توندی لە وتارەکانیدا سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی هیتلەر دژ بە جولەکە تاوانبار دەکات.

**PIO XII _پیۆ دوانزەهەم** ( ١٩٣٩_١٩٥٨)، سەرەڕای پلەو پایە و کەریزمای ئاینیی و هەڵوێستی بێ لایەنانەی، هەروەها شارەزایی لە بواری دیپلۆماسیدا، پاپا پیۆ دوانزەهەم نەیتوانی ڕێگە لە کڵپەی جەنگی جیهانی دووەهەم بگرێت (Carlo Casula,1988:p.159;Michael Feldcamp,1987:p.97; August Franzen, 2014:p.413,414 ). بەڵام لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی ڤاتیکان یارمەتیەکی زۆری گەیاندە ئەو خەڵکە سیڤیلانەی لە شەڕەکە تێوە گلابوون. ئۆفیسێکی ڤاتیکان دامەزرابوو بۆ سۆراخ و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دیلکراوەکانی جەنگ. چەندین دەزگا و تەلاری دەوڵەتی ڤاتیکان کرانە شوێنی میوانداری و حەشارگەی نهێنی بۆ کەسانی سیاسی و پەناهێندەی سیاسی بە تایبەتی بۆ جولەکەی لێقەوماو، کە لە ترسی نازی و فاشیستەکان هەڵدەهاتن.

پاپا پیۆ دوانزەهەم بە ئاگا بوو کە چوار هەرێمی تری مەشریقی عەرەبی لە دوای عێراق بوونە دەوڵەت: لوبنان ١٩٤٣، سوریا ١٩٤٦، ئەردەن ١٩٤٦ وە دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین ١٩٤٨. ئەوەی کە زیاتر بەلایەوە گرنگ بوو خاکی فەلەستین بوو، هەرێمەکە لە چنگی عەرەبی مەسیحی و موسوڵمان دەرهێنرا و بە پشتیوانی بزوتنەوەی زایۆنی و بە هاوکاری سیستەمی مەنداتی بەریتانی گۆڕانکاری دیموگرافی گەورەی بە خۆیەوە بینی، ئەمانە هەمووی بە زیانی عەرەب نشینەکان بوون. سانتە سێدێ هەر لەسەر ڕای خۆی مابوو، هەردەم دروستکردنی دەوڵەتێکی بە باش نەدەزانی کە جولەکە تیایدا باڵادەست بێت ( Alain Gresh, 2004:p.21,22; Giardina A., 1987:p.173,174 ). بەڵام ئەو پاپایەی ئێستا باسی دەکەین، تاوانبار دەکرا و ناویان نابوو ( Il Papa del silenzio _ پاپای بێ دەنگیی )، بەوەی گوایە گوێی نەداوە بە کوشتاری جولەکە و هەڵوێستی نەبووە. تەنانەت پێیان دەوت ( Il Papa di Hitler _ پاپا ی هیتلەر )، واتە بەو بێدەنگییەی هاوکاری نازییەکانی کردووە لە کوشتاری جولەکە. پاپا لە ڕاستیدا پاساوی هەبوو: دەترسا لەوەی بە خۆ تێوەگلان لەو کێشەیە باری ژیانی مەسیحیە کاتۆلیکەکان بخاتە مەترسیەوە و بەرەوڕوی پەلامار و تۆڵەی نازیەکانیان بکاتەوە، وەك چۆن قەلاچۆی جولەکەیان دەکرد؛ پاپا زانیاری هەبوو وە بیستبووی، ...، لەوە دە ترسا کە نازیەکان پەلاماری شاری دەوڵەتی ڤاتیکان بدەن و خودی پاپاش دەستبەسەر بکەن؛ پاپا لەوە دەترسا کە بە داگیرکردنی ڤاتیکان، جگە لە بەربەستکردنی دەسەڵاتی ئاینیی، ژیانی سەدان جولەکەش بکەوێتە خەتەرەوە کە لەوێ خۆیان حەشار دابوو؛ هەموو ئەوانە وایان کردبوو دەوڵەتی ڤاتیکان پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی بەردەوام هەبێت. ...، بەو پێیە ئەو تاوانانەی دەدرانە پاڵ پاپا لەو هەڵوێستانەوەی بوون.

لەسەر زانیاری بەڵگەنامە ئەرشیڤیەکان دەرکەوتون ئەو تاوانانەش کە دەدران بە ئەستۆی پاپا پیۆ دوانزەهەم، هەموو لە ڕاستیەوە دوور بوون. زۆربەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو بابەتە، لە لایەن ( Gary L. Krupp ) کۆکراونەتەوە و توێژینەوەیان لەسەر کراوە، لە ڕاستیدا Krupp خۆیشی بە ڕەسەن جولەکە بووە. پێویستە ئاماژەی پێ بکەینەوە، پاپا نەیدەویست کار لە کار بترازێت و بە زیانی کریستیانەکان بگەڕێتەوە (Feldkamp, Michael 1987:p.97 ). ڕۆژی ٤/نیسان/١٩٣٣داوا لە سەرجەم نوێنەرەکانی ڤاتیکان دەکات لە ئەڵمانیا، کە پشتیوانی جولەکە بکەن و لە مەترسی و هەڕەشەی نازیەکان بیان پارێزن.

پاپا تاوانباریش دەکرا بەوەی گوایە لە سەردەمی ئەودا کاربەدەستانی ڤاتیکان منداڵانی جولەکەیان ڕفاندووە و بە زۆر کردویانن بە کریستیانی کاتۆلیك. لە ڕاستیدا تەنها ناسنامەی تەزویریان بۆ دەرهێنابوون تاکو بە ناوی کریستیانیەوە بتوانن لە مەترسی نازی و فاشیستەکان دەربازیان ببێت و بتوانن بڕۆن بۆ وڵاتێکی تر. سەدان جولەکە لە شاری ڕۆما لە لایەن دەزگاکانی کەنیسەی سەربە ڤاتیکان حەشار دەدرێن و ڕزگاریان دەبێت.

**بەشی سێهەم**

**سەرکەوتنی پڕۆژەی زایۆنی**

**دەوڵەتێکی جولەکە لەسەر خاکی پیرۆزی فەلەستین:-**

بە شێوەیەکی گشتیی لە سەردەمی پاپا پیۆ دوانزەهەم، سانتە سێدێ و دەوڵەتی ڤاتیکان دژ بە پێگە و دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە بوون لە فەلەستین. هەر لەسەر ئەو ڕایە، Domenico Tardini (سکرتێری دەوڵەتی ڤاتیکان)، لە مانگی/ ئاب / ١٩٤٤چاوپێکەوتنێکی دەبێت لەگەڵ **وینستن چرچڵ** (وەزیری ناوچە کۆڵۆنیاکانی بەریتانیا)، لەو بۆنەیەدا پێی ڕادەگەیەنێت: " .....، *There was no real reason why the jews should be back in Palestine* ".

واتە کاردینالێك (کە لە پلەی وەزیردایە)، یەك پلە لە خوار پاپاوە بێت و سکرتێری دەوڵەتەکەشی، بە ڕاست و ڕەوای نەدەبینی بە سەدان هەزار جولەکە بە شاڵاو وە بە کۆمەڵ بچنە ناو خاکی فەلەستینەوە. کریستیانە عەرەبەکانی فەلەستینیش بەو کۆچی بە کۆمەڵەی جولەکە ڕازی نەبوون و بە دیاردەیەکی خراپیان دەزانی ( Silvio Ferrari, 1991:p.40,41; Andrej Kreutz, 1990:p.60,61 ). **دەوڵەتی ڤاتیکان** بە هەموو جۆرێك پێداگری دەکرد لە دژی دروستکردنی پێگەیەکی سیاسی بۆ جولەکە لە فەلەستین. ئالێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، لە هەڵوێستی ڕاشکاوانەی ئەو کارمەندە باڵایەی سکرتاریەتی دەوڵەت، کە لە ڕاستیدا سەرجەم ڤاتیکان و سانتە سێدێ لەسەر کێشەی فەلەستین کۆدەنگ نەبوون، ئەوەش بە باسکردن لە پاپا پیۆ دوانزەهەم بەڵگەنامەکان بۆمان ڕوندەکەنەوە.

لە ڕوانگەی بەڵگەنامە ئەرشیفیەکانی ڤاتیکانەوە دەردەکەوێت کە پیۆ دوانزەهەم هەڵوێست و بۆچونێکی زۆر جیاواز و تایبەتی خۆی هەبوو لەسەر کێشەی جولەکە و فەلەستین. ئەوەش دیاردەیەکی تایبەتە، جیاوازە لە سەرجەم مێژووی ڕابوردووی کەنیسەی ڕۆما و دەوڵەتی ڤاتیکان. پیۆ دوانزەهەم هەر پێش ئەوەی ببێتە پاپا لە بەرگی دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیدا بەردەوام بەرگری لە پێکهاتەی جولەکە کردووە و پەیوەندیشی بە بزوتنەوەی زایۆنی جولەکەوە هەبووە و پشتیوانی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی جولەکە کردووە لە فەلەستین. تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٤کاتێ پاپا بوو، دژ بە بۆچونی سکرتێری دەوڵەتی ڤاتیکان، دۆمێنیکۆ تاردینی، بە فەرمی ڕایدەگەیەنێت کە: " *Gli ebrei hanno bisogno di una propria patria, ...* _ جولەکە پێویستی بەوە هەیە نیشتیمانێکی تایبەتی خۆی هەبێت ". جارێکی تر کە پاپا پیۆ دوانزەهەم پشتیوانی جولەکەی کرد ساڵی ١٩٤٧بوو، کاتێك لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی دابەشکردنی خاکی فەلەستین دەکرا بۆ دەوڵەتێکی جولەکە و دەوڵەتێکی عەرەبیی. لەو بۆنەیەدا پاپا داوا لە دەوڵەتانی کاتۆلیك دەکات دەنگ بدەن بەو دابەشکردنە لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی جولەکەدایە، بە تایبەتی ئیتالیا و فەرەنسا و ئیسپانیا. لە ١٩٤٧/١١/٢٩ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ١٨١دەردەکات لەسەر ئەو بابەتە. جگە لە دەوڵەتانی کاتۆلیك، ئەمریکا و بەریتانیای پڕۆتستانت و ڕوسیای ئۆرتۆدۆکس و زایۆنیستەکانیش بە شێوەیەکی گشتی پێی ڕازی بوون. بەڵام نە عەرەبەکانی فەلەستین و نە جامیعەی عەرەبیی قبوڵیان نەکرد. پێیان وابوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ئەو دەسەڵاتەی نیە کە بتوانێت وڵاتێك دابەش بکات بێ ئەوەی ڕای گشتیی دانیشتوانەکەی وەرگیرابێت. هەروەها لەبەر ئەوەی جولەکە هەرچەندە تەنها یەك لەسەر سێی دانیشتوان بوون، بە پێی بڕیارەکە زۆرترین بەشیان پێ درابوو لە خاکی فەلەستین بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکەیان.

**دەوڵەتی ڤاتیکان و دەوڵەتی ئیسرائیل:-**

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی پاپا پیۆ دوانزەهەم بۆ دروستکردنی " *homeland* " ێك، واتە نیشتیمانێك بۆ جولەکە، زۆر سەیر بووە کە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤/ مایس/ ١٩٤٨، دەوڵەتی ڤاتیکان دەبوو یەکسەر بە فەرمی بیناسێت وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و شەرعیی، بەڵام وا نەبوو. ئەو ڕوداوە مێژووییە بۆمان پشتڕاست دەکاتەوە کە هەڵوێستەکانی پاپا پیۆ دوانزەهەم، تەنها حەز و هەڵوێستی خۆی بوون. پیاوانی تری ئایینی ڤاتیکان بە گشتی و تەنانەت سکرتێری دەوڵەتیش لە سەردەمی ئەو پاپایەدا هەرگیز پشتیوانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکەیان نەدەکرد. ئەو پاپایە ڕاستە پەیوەندی باش بوو لەگەڵ جولەکە و سۆزی بۆیان هەبوو، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان لە سەردەمی پیۆ دوانزەهەمدا دەوڵەتی ڤاتیکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل پەیوەندیان زۆر گرژ بووە، بەتایبەتی بەهۆی بەردەوامی کۆچی بە کۆمەڵی جولەکەوە بۆ فەلەستین ( Giovanni Codovini, 2002:p.133,139 ). دوای ئەو پاپایە و لە ساڵی ١٩٧٤بەدواوە، پەیوەندییەکانیان خراپتر دەبێت، **هیلاریۆن کەپوچچی** عەرەبێکی مەسیحیی کاتۆلیکی سوریا بوو، پیاوێکی ئایینی ناسراوی شاری قودس، پشتیوانێکی بە وەفای کێشەی عەرەب و دۆستێکی زۆر نزیکی ڕێکخراوی ئازادی خوازی فەلەستین دەبێت. لە مانگی ئاب/١٩٧٤ لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلەوە دستگیر دەکرێت بە تاوانی دابین کردنی چەك و تەقەمەنی بۆ ڕێکخراوی " الفتح " ی فەلەستینی، فەرمانی دوانزە ساڵ زیندانیی بەسەردا دەسەپێنن. سێ ساڵ دوای ئەوە بەردەدرێت لە ڕێی هەوڵی پاپای ئەوکاتە ( پاولۆ شەشهەم )، هەروەها بە بەڵێنی دەوڵەتی ڤاتیکانیش بەوەی کە چیتر هیلاریۆن کەپوچچی نەگەڕێتەوە فەلەستین و لە چالاکی سیاسیش بە دوور بێت ( Tagliacozzo F., 1993:p.493 ). هیچکام لەو بەڵێنانە نەبرانە سەر، هێشتا هەمان پاپا مابوو، ساڵی ١٩٨١کەپوچچی کە بە بەڵێنی پاپا لە زیندان بەردرابوو، لە شاری ڕۆما چاوی بە **خەددومی** جێگری **یاسر عەرەفات** دەکەوێت و ساڵی دواتریش خودی عەرەفات دەبینێت. لە هەمان کاتدا زۆر بە چالاکانە بەردەوام دەبێت لە پشتیوانی کێشەی عەرەبی فەلەستین و تەنانەت، هێندە متمانەی زۆر دەبێت لای فەلەستینیەکان، بۆ هەرچ کۆبونەوە گرنگەکانی ( ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین ) دەکرا بانگیان دەکرد بەشدار بێت. ئەو پیاوە ئاینیە هەر لە ڕۆما و ڤاتیکان دەمێنێتەوە تاکو لە ١/١/ ٢٠١٧ کۆچی دوایی دەکات. پەیوەندی نێوان ڤاتیکان و ئیسرائیل تەنها لە سەردەمی پاپایەتی **جۆڤانی پاولۆ دووهەم** ( ١٩٧٨_٢٠٠٥) بە دواوە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو نزیك بوونەوە دەچێت.

بابەتی توێژینەوەکە لە ڕاستیدا لەگەڵ تەواو بوونی پاپایەتی **پیۆ دوانزەهەم** تەواو دەبێت، واتە لە ساڵی ١٩٥٨، بەڵام لە ساڵانی دوای ئەو چەندین ڕێککەوتن و پەیمانی گرنگ بەستراون لە نێوانی ڤاتیکان و ئیسرائیل و دەسەڵات_دەوڵەتی فەلەستین، بە پێویستی دەزانم ئاماژەیان پێ بکەم: ١) ڕێککەوتننامەی بنەڕەتیی نێوان دەوڵەتی ڤاتیکان و دەوڵەتی ئیسرائیل ١٩٩٣/١٢/٣٠کە زیاتر پەیوەندیان بە باسی مافی مرۆڤ و مافی ئایینی و پەیوەندی دیپلۆماسی و گەرەنتی ئارامی و پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان و ...، هەبوو. گرنگی ئەو لێك نزیك بوونەوەیە لەوەدا بوو، کە تەنها لەو کاتەوە دوای ( ٤٥) ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەوڵەتی ڤاتیکان بەو ڕێککەوتننامەیە ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و شەرعیی دەناسێت؛ ٢) لە ١٥/شوبات/٢٠٠٠دەوڵەتی ڤاتیکان بۆ ئەوەی هەڵوێستی بێ لایەنانەی دیپلۆماسیەتەکەی نەشارێتەوە، ڕێککەوتنێکیش لەگەڵ فەلەستینیەکان دەبەستێت هەر تایبەت بە مسۆگەرکردنی ئارامیی لە وڵاتەکە و گەرەنتی مافی کریستیانەکان و ڕێزگرتن لە شوێنە پیرۆزەکانیان؛ ٣) هەنگاوێکی تر تایبەت بەو کێشانە، ئەوەبوو کە ڕیێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٢/١١/٢٩دەزگای دەسەڵاتی

فەلەستینی دەناسێت (شەرعیەتی پێ دەدات ) و ناونیشانی دەوڵەتی ئەندام و چاودێری پێدەدات لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەسەر ئەو بنەمایەوە ڤاتیکان هەنگاوێکی تر دەنێت، لە ٢٠١٥/٦/٢٦پەیمانێکی تر واژۆ دەکات لەگەڵ ( هەر وەك لە بەڵگەنامەکەدا نوسراوە **دەوڵەتی فەلەستین** ) . هەر لەسەر ئەو ڕەوتە دیپلۆماسیە، بۆ مەبەستی ئاسانکاری پەیوەندیەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشە ئاڵۆزەکەی عەرەب_جولەکە، ڤاتیکان ڕێگە دەدات باڵیۆزخانەیەکی فەلەستینیش لە ناو سنوری ڤاتیکاندا بکرێتەوە، لەڕۆژی ٢٠١٧/١/١٤. ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل بەو نزیك بونەوانەی ڤاتیکان لە دەوڵەتی فەلەستین هیچ دڵخۆش نیە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی سانتە سێدێ و ڤاتیکان، ئاشکرایە تاکو ئەمڕۆ لە سەرتاسەری خاکی پیرۆزی فەلەستین گرژی و نا ئارامی سەروەرە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەو شیکارییە مێژووییەی لە توێژینەوەکەدا کاری لەسەر کرا، دەکرێت بڵێین دەگەینە ئەنجامێك، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ڕیزبەندیان بکەین:

١) فاکتەری ئاینیی لە پرۆسەی مێژووییدا وەك ئەوەی لە یۆرشەلیم بینیمان، بووەتە ئامڕاز و پاساوێکی تێهەڵکێش بە پرۆژەی سیاسی و ستراتیژی دەوڵەتە زلهێزەکان؛

٢) ئەگەر وردبینەوە، ئاین لە کۆمەڵگەی فەلەستینیدا بە پلەی یەکەم گرنگیی هەبووە لە چاو بیرۆکەی نەتەوەدا بۆ پێکهاتەکان. ئەو ڕاستیەش پێکهاتەی عەرەب بۆمان پشتڕاست دەکاتەوە کە کریستیان و موسوڵمانیان تێدایە و بۆ هەرکامیان لایەنی ئاینیی بە پلەی یەکەم گرنگیی هەبووە، واتە لە پێشتر بووە بە بەراورد لەگەڵ تایبەتمەندیی نەتەوەیی لە ڕوداوە سیاسیەکاندا، هەرچەندە هەردوکیشیان عەرەبن؛

٣) تێبینییەکی تر کە هەر لە بواری ئایندا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە، لە ناو خودی هەمان یەك ئاینیشدا ڕێبازێکی جیاواز لەوی تر بە پلەی یەکەم گرنگی هەبووە بەلای ئیماندارەوە. ئەو دیاردەیە لە پەیوەندی نێوانی ڕێبازە جیاوازەکانی مەسیحیەتدا بە ئاشکرا بەدی کرا لە یۆرشەلیم بۆکۆنترۆڵی شوێنە پیرۆزەکانیان، هەرچەندە هەموشیان کریستیانن.

٤) لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە تێبینییەکی تر تایبەتە بە کەریسمای پاپا و دەوڵەتی ڤاتیکانەوە، کە سەر بە ڕێبازی کاتۆلیکن و زیاد لە یەك ملیارد ئیمانداری کریستیانی لە دوایە، چەندین دەوڵەتیش بە فەرمی ئاینی سەرەکیان کریستیانیەتی کاتۆلیکە. هەروەها بە درێژایی مێژوو پاپاکان دژی سەروەری و باڵادەستیی جولەکە بوون لە فەلەستین. بەڵام، نەیان توانی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت لەسەر سیاسەتی دەوڵەتە بەهێزە کاتۆلیکەکانی وەك فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا، تاکو ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بگرن. لەو بوارەدا سیاسەتی بەریتانیای سەربە رێبازی پرۆتستانت سەرکەوت لە پشتیوانیکردنی پرۆژەی زایۆنی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جولەکە لەسەر خاکی پیرۆزی فەلەستین.

**سەرچاوەکان**


1) Alain Gresh, *Israele-Palestina*, Einaudi, Torino, 2004.

2) Alfonso M. DI Nola, *L'Islam*, Newton Compton Editori, Roma, 1989.

3) Amedeo Giannini, *L'Ultima fase della questione orientale 1913-1932)*, Istituto per l'Oriente, Roma, 1933.

4) Andrea Pacini (a cura di), *Comunità cristiane nell'Islam arabo*, Edizioni Fondazione Giovanni Agnelli, Torino, 1996.

5) Andrej Kreutz, *Vatican policy on the palestinian-israeli conflict*, Greenwood press, New York, Westport, Connecticut, London, 1990.

6) Antonie Wessels, *Arab and Christian*, Kok Pharos, Kampen-The Nether Lands, 1995.

7) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b.2, fasc. 2: *Iraq, Minoranze*, 5 dicembre 1931.

8) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b.6, *Iraq, Paolo Caccia Dominioni, battaglia di Fech Kabour (alto Tigri) tra Assiro.Caldei e Irakiani 4-6 agosto 1933*, Documento Riservato, relazione indirizzata al Regio Ministero della Guerra ed il Ministero degli Affari Esteri italiano, 14 novembre 1933.

9) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b. 5, fasc. 6: *Iraq, Minoranze*, Telegrammi della Lega Nazionale Assira d'America a Chicago e del Patriarca assiro Mar Sham'un a Beirut, 18 agosto 1933.

10) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b.6, *Iraq, Minoranze*, Comunicazione del Console Generale d'Italia a Chicago al Regio Ministero degli Affari Esteri di Roma, 13 ottobre 1933.

11) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b. 7, fasc. 3: *Iraq, Minoranze*, 7 aprile 1934.

12) ASMAE, serie Affari Politici, Rapporti Politici (1931-1945), b.8, fasc. 1: *Iraq, Minoranze*, rapporto del Ministero delle Colonie, 18 luglio 1934.

13) August Franzen, *Breve storia della chiesa*, Queriniana, Brescia, 2014.

14) Cahen Cl., *DHIMMA*, ENCYCLOPE'DIE DE L'ISLAM, Nouvelle Edition, TOME II, G.P. MAISONNEUVE & LAROSE S.A., Paris, 1965.

15) Carlo Felice Casula, *Domenico Tardini (1888-1961), l'azione della Santa Sede nella crisi fra le due guerre*, Edizioni Studium, Roma, 1988.

16) Collin Bernardin, ., *Le problèm juridique des Lieux Saints*, Centre d'Etudes Orientales, Le Caire, 1956.

17) David I. Kertzer, *I Papi contro gli ebrei*, BUR, Milano, 2015.

18) Fernando e Gioia Lanzi, *Pellegrini e santuari cristiani nel Mondo*, Jaca Book, Milano, 2005.

19) Franco Scaglia, *I CUSTODI DI GESU'*, Mondadori, Milano, 2000.

20) Giardina A.- Liverani M. – Scarcia B., *La Palestina*, Editori Riuniti, Roma, 1987.

21) Giorgio Del Zanna, *I cristiani e il Medio Oriemte (1798-1924)*, Il Mulino, Bologna, 2011.

22) Giorgio Fedalto, *Le chiese d'Oriente* da Giustiniano alla caduta di Costantinopoli, Jaca Book, Milano, 1984.

23) Giovanni Codovini, *Storia del conflitto arabo israeliano palestinese*, Mondadori, Milano, 2002.

24) Giulio Basetti, *L'Islam e Francesco d'ASSISI*, La Nuova Italia,Firenze, 1975.

25) Joseph Yacoub, *Les Assyro-Chaldéens*, *un people oublié de l'histoire*, Paris, 1987.

26) Karen Armstrong, *Gerusalemme, storia di una città tra Ebraismo, Cristianesimo, e Islam*, Oscar Storia Mondadori, Milano, 2000.

27) Khasraw Nagm, *IL VILAYET DI MOSUL*, Campanotto, Udine, 2003.

28) Leopold Von Ranke, *Storia dei Papi*, Sansoni, Firenze,1965.

29) Luigi Vinelli, *Benedetto XV costruttore di pace*, Internos Edizioni, Genova, 2016.

30) Michael F. Feldkamp, *La diplomazia pontificia da Silvestro I a Giovanni Paolo II, un profilo*, Jaca Book, Milano, 1987.

31) Paolo Pieraccini, *Gerusalemme, luoghi santi e comunità religiose nella politica internazionale*, EDB, Bologna, 1977.

32) PAREJA, F.M., *Islamologia*, ORBIS CATHOLICUS, Roma, 1951.

33) Penteriani U., *PIO X*, in: " Mondo Vaticano", Nicolò Del Re (a cura di), Libreria Editrice Vaticana, Città del Vaticano, 1995.

34) René Kalisky, *Storia del Mondo Arabo*, vol. I, Bertani, Verona, 1972.

35) Silvio Ferrari, *Vaticano e Israele*, Sansoni Editore, Firenze, 1991.

36) Sonia Brunetti Luzzati & Roberto Della Rocca, *Ebraismo*, Mondadori Electa, Milano, 2007.
37) Tagliacozzo F.-Migliau B., *Gli ebrei nella storia e nella società contemporanea*, La Nuova Italia, Firenze, 1993.
38) Youssef Courbage-Philippe Fargues, *Chrétiens et Juifs dans l'Islam arabe et turk*, Fayard France, 1992.
39) Yves Chiron, *PIO XI*, Edizioni San Paolo, Milano, 2016.

**سەرچاوەی ئەنتەرنێتیی**

1) https://it.wikipedia.org/wiki/Hilarion_Capucci.
2) Pio-XII-antisemitismo:uccronline.it.
3) Roberto Massari (relazione di), *PIO XII e la gerarchia vaticana sapevano*, al Convegno " Il Vaticano e il fascismo ", Roma, 21 settembre 2016: www.labottegadelbarbieri.org/Pio-XII-e-la-gerarchia-vaticana-sapevano/; .
4) A CONVEGNO, *Per il buon nome di Pio XII*: terrasanta.net.
5) Krupp. Odiavo Pio XII, poi ho scoperto che è stato un Eroe.